# دوو گەردەلوول لە یەک فنجاندا

حەمەسەعید حەسەن

ئەو شەڕە دەنووکانەی لە نێوان (هاوڵاتی) و (کوردستانی نوێ)دا ڕوو دەدەن، ڕەنگدانەوەی ئاژاوەی نێوان دوو خێزانی سەر بە هەمان بنەماڵەن، نەک شەڕی نێوان دوو جیهانبینی جیاواز. هەموو ئەو بەستەزمانانەشی لە سەروەختی ئەو شەڕە دەنووکانەدا، لایەنی هاوڵاتی دەگرن، کەسانێکی گومناون و هەڵپەرستانە لە دووی ناوبانگێک وێڵن، کە بەو شێوازە هەرزانە، مەحاڵە پێی بگەن.
خوێنەر لەوە وریاترە، بە دێوجامەی ئەو گۆڵمەزانە کە هاوڵاتی ناو بە ناو دەیاننێتەوە، فریو بخوات. ئەگەر ناکۆکییەک لە نێوان هاوڵاتی و کوردستانی نوێدا هەبێت، ئەوە دووکەڵی ئاگری ناکۆکی نێوان دوو باڵە دەستڕۆیشتووەکەی ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. هاوڵاتی لەمێژە خۆویستانە و بە مەبەستی قازانجی تایبەتی، لەو دیو شووشەیەکی تەڵخەوە، کە هێدی هێدی ڕوون و ڕوونتر دەبێتەوە، دەستی لەگەڵ باڵێکی بەهێزی نێو (ینک)دا تێکەڵ کردووە.
ئەو یەکێتییەی بە (سرکە)یی لە دایک بووە، تا نۆی ئەپریلیش لای هاوڵاتی (شەراب)ێکی بێ خەوش بوو! هاوڵاتی ناتوانێت خەو بە کوردستانێکەوە ببینێت، ینک تێدا فەرمانڕەوا نەبێت. ڕەخنەی هاوڵاتی لە پێناوی ئارایشتکردنی ڕووخساری دزێوی (ینک)دایە، نەک بەو مەبەستەی خەڵک خەو بە کوردستانێکی جوانی بێ یەکێتییەوە ببینن. هەوڵی هاوڵاتی بۆ ئەوەیە مامری ینک تەنیا هەر هێلکە بکات، نەک ڕیقنەش. شۆڕشگێڕانی کوردستان خەو بە نیشتمانێکی جوانترەوە دەبینن، نیشتمانێ کە تەنیا دوای هەرەسی ینک و هاوچەشنەکانی پێی شاد دەبین.
لای ئێمە، کوشتن سزای کەسێکە، خەریکی ڕووخاندنی ورەی ئەندامی حیزب بێت و کارێک بکات، ئەندام متمانەی بە حیزب نەمێنێت و لێی بکشێتەوە. من ئەم ڕاستییەم زانیوە و بەردەوام هەوڵیشم بۆ ئەوە بووە، خەڵک خاوەنی خودی خۆیان بن و بۆ خۆیان بژین و خۆیان بۆ حیزب بە کوشت نەدەن. جیاوازیی سەرەکی نێوان من و هاوڵاتی ئەوەیە، من لە هەوڵی ئەوەدام، متمانەی ئەندام بە حیزب لەق بکەم، وەلێ هاوڵاتی خەمی ئەوەیەتی و ترسی ئەوەی لێ نیشتووە، متمانەی ئەندام بە حیزب لەق ببێت.
ینک هەمیشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو ڕیزەکانی، هانای بۆ زەبروزەنگ بردووە. کێشەی لەگەڵ هەر لایەنێکی کوردیشدا هەبوو بێت، بۆ یەکلاییکردنەوەی، بە زمانی گولله پەیڤیوە. ینک بە درێژایی تەمەنی، هەمیشە گەمەی بە سامان و ژیانی هاووڵاتییان کردووە و هەرگیز هێندەی ئەم دوو سێ مانگەی ڕابردوو، دیموکرات و دلۆڤان نەبووە. ئەگەر ماستەکە موویەکی تێدا نییە، لە پای چی هاوڵاتی جاران خۆی لە هەڵە، دەستدرێژی، پێشێلکاری، تاوان و ناپاکییەکانی ینک نەبان دەکرد و تازەکی خەنجەری هەڵکێشاوە؟

2003. 06. 28